رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
28-4-2007 2:04 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کوشتنی (دوعا) هەتکردنی مرۆڤە لە سایەی یاسادا ... سەردار عبدالکەریم

### هۆڵەندا

بۆ بەرێز سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکەی و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان،
بۆ بەرێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان و جێگرەکەی،
بەرێز سەرۆک وەزیرانی کوردستان و جێگرەکەی و سەرجەم وەزیرە پەیوەندیدارەکان.
بەرێزان یاساناس و دادوەرانی هەرێمی کوردستان،
بەرێزان خواناسان و پیاوانی ئاینی هەرێمی کوردستان،
بەرێزان رۆژنامەنووس و نووسەرانی ئازادیخواز.
بەرێزان دایکان و باوکانی دنیا دیتە... هتد

ئەگەر بزانین ئایەتەکانی37- 40 سورەی ئەحزاب بۆچی نازل بووە و هۆکەی چیە، ئەوە هیچ باوک و دایکێک کچکەکانیان بەناوی ئیسلام و شەرەفەوە لەسەر خۆشەویستی ودڵتێچوون ناکوژن:" **وإذْ تقُولُ للذي أنعم الله عليه وأنعمت عليه أمسِك عليك زوجك واتق الله وتخفي في نفْسِك ما الله مبديه وتخشى الناس والله أحق أن تخشاه فلّما قضى زيد منها وطرا زوجناكها لكي لا يكُونَ على المؤمنِين حرج في أزواج أدعيائهم إذَا قضوا منهن وطرا وكانَ أمر الله مفْعولًا ما كانَ على النبي من حرجٍ فيما فَرض الله له سنةَ الله في الذين خلوا من قبلُ وكانَ أمر الله قدرا مقْدورا ، الذين يبلغونَ رسالاتِ الله ويخشونه ولا يخشونَ أحدا إلا الله وكفَى بِالله حسِيبا، ما كانَ محمد أبا أحد من رجالكُم ولكن رسولَ الله وخاتم النبِيين وكانَ الله بِكُل شيءٍ عليما** " دەکرێ مرۆڤ بەدوای ئەسبابی نازل بوونی ئەم ئایەتەدا بگەرێ تا بزانێ مانای دڵتێچوون لە ئیسلام قەدەغە نیە. کوشتنی دوعا بەم شێوەیە، یەکەمجار کوشتنی یاسایە لە کوردستان و ئینجا کوشتنی مرۆیەکی بێدەسەڵاتی، لاوازە. بێدەنگ بوونتان لەم تاوانە، مانای رێگا والآکردنە بۆ یاسای جەنگەڵ و چەق پێبەستنی کۆمەڵگا، راستە باوک و دایک بەرپرسن لە منالەکانیان، بەڵام بەپێ دەستوور بۆ هیچ کەسێ نیە کەسێکی تر بەهەر بیانوێک بێت بکوژێ. دوعا نەوەی تازەی قۆناغی ئازادی کوردستان بوو، لە سایەی دەسەڵاتی کوردی زمانی گوراوە و پێگەیووە، دوای 16 ساڵ لە ئازادی بە بەرچاوی پۆلیس وەک لە سایەی حکومەتی تالیبان بێ کە لە وێنەکە دیارە، سەنگباران دەکری؟! و دەکوژرێ، لەسەرچی؟ لەسەر ئاساییترین ماف، کە هەمووما لە یەکێ لە قۆناغەکانی ژیانمان و بە باوک و دایکی دوعاشەوە خەونمان بەو مافە بینیوە یان نەوەکانمان خەونی پێوە دەبینین. ئەگەر حکومەتی هەرێم دەیەوێ ئابرووی خۆی بکرێتەوە و زیاتر گەنجان روو لەدەرەوە نەکەن، با هەوڵبدات چیتر یاسای جەنگەڵ جێگا بە دەستووری هەرێم چۆل نەکات، دەبێ ئەم دەسەڵاتانەی هەرێمی کوردستان (یاسادانان، دادوەری، راپەراندن و راگەیاندن) بە سەنگێکی زۆرەوە بکەونە خۆی بۆ:سزادانی ئەو کەسانەی ئەم تاوانەیان ئەنجامداوە و ئیدانەی بکەن و رێگاش لە دووبارە بوونەوەیان بیگرێ.

- سزادانی هەموو ئەوکەسانەش بدرێ کە بەدیار ئەم کارەسەتەوە بوونە و هەوڵی رێگرتنی ئەم تاوانەیان نەداوە.
- دەرکردنی بڕیارێکی بە پەلە لە پەرلەمانی کوردستان، هەرکەسێ لەسەر ئەم جۆرە کارانە تاوانی کوشتن ئەنجامدەدا، دەبێ بە قورسترین شێوە سزا بدرێ.
- کردنەوەی شوێنی ئەمان و پێویست بۆ ئەو کچ و ژنانەی توشی ئەم جۆرە گرفتانە دەبن و پاراستنی گیانیان لە مردن و تۆڵەی شەرەف.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
28-4-2007 2:04 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

- ژنانی پەرلەمانتار، یەکێتی ژنان و یەکێتی ئافرەتان و... هتد بە لێشاو بڕژێنە سەرشەقامەکان، ئەگەر ئەوان بەرگری لە خۆشەویستی نەکەن ئەی بەرگری لەچی دەکەن؟

ئەوانەی ئەم کارەیان کردووە دەبێ وەک بکوژێک دادگای بکرێن، بە تاوانی کوشتنی سبق الّێرار و الترصد. بێدەنگی و نەبوونی ڕێگری یاسای توند وایکردووە کۆچکردن گەشە بکات و لە دەرەوەش ئەم جۆرە تاوانانە کێس و دۆسیەی حکومەتی هەرێم ناشرین بکەن.

ئەم تاوانە دەبێتە بەڵگەیەکی نێگەیف بۆ تکاندنی ئابڕووی دەسەڵاتی کوردی و ئەزموونە دیموکراتی و مەدەنیەکەی لەلای ناوەندە جیهانیەکانی بواری مافی مرۆڤ... بە کوشتنی دوعا لە جیاتی شەڕەفمان بۆ بگەڕیتەوە، شەڕەفی هەموو کورد لەسەرانسەری جیهان لەکەدارکرا، ئەگەر دۆخەکە بەم شێوە بڕوات، ئەوە ئیتر بچوکترین قسە و بچوکترین چرپە بەسە بۆ ئەوەی کچێکی جوانکیلە ببێتە قوربانی ئەقلی نەخۆشی کۆمەڵگا.

حکومەتی هەرێم وەڵامی ناوەندەکانی بەرگری کردن لە مافی مرۆڤ و مەدەنیەکانی جیهان چۆن دەداتەوە، ئایا ئەمە واناکات لە ئاستی جیهاندا شەڕەفی کورد لە بواری مافی مرۆڤ و شەڕەفی حکومەتی کوردستان لە پاراستنی هاوڵاتیەکانی لەکەداربێ؟ بۆیە دەبێ دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان ئەم تاوانە وا ئیدانە بکەن و بەشێوەیەک هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەن، کەوا جارێکی تر کەس جورئەتی ئەم کارەی نەبێ. بە تاوانێکی نەتەوەیی بزانن، ئەگەر لە ئێستاوە ڕێگا بەم جۆرە تاوانانە نەگیرێ، ئەمە ڕێگا بۆ تیرۆر و بیروباوەڕی کۆنەپەرستی و هاندەری توندڕەوی خۆشدەکات... کوردستان تەنها پێویستی بە تەنمیەی ئابووری و بیناسازی.. هتد نیە، پێویستی بە تەنمیەی بەشەریش هەیە، هیچ وڵاتێک لەسەر دەستی نەوەیەکی لەرزۆک و بێبڕوا دروست ناکرێ، ئەم جۆرە تاوانانە گیانی باوەڕبوون بەخۆ و ئازادی لە مرۆڤ دەکوژێ، نایەڵێ گەشەبکات، گەلانی دنیا تا ئەم قۆناغەیان نەبڕی نەگەیشتنە ترۆپکە، ئیسلامیش تا زیندە بەچاڵکردنی کچانی قەدەغە نەکرد، نەبووە ئەم دینەی ئەمڕۆ بە ناوی ئەوەوە بە هەڵە خەڵک دەکوژن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.